گروپێکی چەکداری داوایکرد دەستبەجێ هێزەکانی تورکیا خاکی هەرێمی کوردستان و عێراق بچێبهێڵن

گرووپی چەکداری "فەیلەق ئەلوەعد ئەلسادیقون" کە سەر بە مقاومەی ئیسلامی عێراقە لە بەیاننامەیەکدا داوایکرد دەستبەجێ هێزەکانی تورکیا خاکی هەرێمی کوردستان و عێراق بچێبهێڵن.

لە بەیاننامەی ئەو گرووپە چەکدارییە کە تێیدا هەڕەشەی لە سوپا و هێزەکانی تورکیا کرد هاتووە، "هێزکانی تورکیا دەستدرێژی و داگیرکارییەکی دەندانی نوێیان بە گوندەکان ئەنجامداوەو بوونەتە هەکاری تەقاندنی هاوەاتیانی عێراقی بەبێ ئەوەی پشتر هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی و بەبێ ئاگاداری هاتونەتە خاکی عێراق و لە بەدەنگی حکومەت سەرسامین".

لە بەیاننامەکەی ئەو گرووپە چەکداریەی سەر بە مقاومەی ئیسلامی عێراق هاتووە، "هەرێمی کوردستان لەبەر دەنگی و هەڵوەستی پشتیوانی کرد لەم داگیرکەرانەدا و مقاومەی عێراق ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت بە دەرکردنی داگیرکەران لەخاکی عێراق هەروەک چۆن لەگەڵ ڕەکخراوەی تیرۆریستیی داعشی کرد، هەر کەسێک بێت و لەکوێ بێت".

فەیلەقی وەعدی سادیقون لەکۆتاییی بەیاننامەکەی ئاماژەی بەدەوا، داوا دەکەین پەرلەمانی عێراق لە دانیشتنێکی نائاسایی و بەپەلەدا هەڵوەستی خۆی لەسەر ئەو هەڕشانەو دەستدرێژیانە ڕابگەیەنێت و پەویستە هێزە داگیرکەرەکانی تورکیا دەستبەجێ لە خاکی عێراق بکشێنەوە بە پاراستنی خوێن و شکۆی

هێزەکانی.

شایەنی باسە، شەوی دووشەممەی ڕابردوو، دژیان سەربازی سوپای تورکیا لە کانی ماسی و گوندی کەستە لەسنووری قەزای ئامێدی لە پارێزگای دهۆک بینران، ئەو سەربازانە لەکوچەو کەڵانەکانی کانی ماسی و کەستە لە دهۆک بینراون بە چەندین چەکی جۆراوجۆر بەبێ ئەوەی هەکاری گەلانیان بزاندرێت.

لەکاتێکدا چەندین ساڵە سوپای تورکیا لە خاکی هەرێمی کوردستان بوونی هەیە و زیاتر لە چل بارەگای سەربازی بەخێی و هێزەکانی لە پارێزگای دهۆک و ئاژەڵاتی هەولێر دروستکردووە بە بیانوی بوونی پارتی کرێکارانی کوردستان، لەکاتێکدا هەرشە فڕۆکەوانیەکانی تورکیا بوونە هۆی کوژرانی زیاتر لە 130 هاوڵاتی سڤیلی هەرێمی کوردستان لەماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا و لەسەرتای ئەمساڵ بەگوێرەی ئەنکخراوەی CPT، دە هاوڵاتی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان بەهۆی هەرشەکانی تورکیا گیانیان لەدەستداوە کە ئەمانە تەنها ژمارەی ڕاگەیەندراوەکانە، لەبەرامبەردا چەندین هاوڵاتی تری مەدەنی لە شەنگال کراونەتە ئامانج.

بەیاننامەی گرووپی فەیلەق ئەلوەعد ئەلسادیقون